www.kurdistannet.org
27-6-2007 13:22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لەم وەرزە پڕ ڕازەدا جێم مەهێڵە .. مستەفا ئەحمەد سەعید

لەو مێرگە سەوزە بی نازەدا،
تەنیاو.... تەنیا.
بەردە ڕەشەکانی ئاگردان و،
خۆڵەمێشی دارەسوتاوەکان و،
دڵی شەیداو یادەوەری و
جێژوان و کۆنە هەوار بەجی ماوە.
من نازانم.... !
ئەم جارەیان،
ڕەشماڵی عیشقت لەکام هەوارە هەڵداوە
پێم نەوتی.. !
جێم مەهێڵە...
سازە مەڕۆ.... توخوا مەڕۆ
لەم وەزە پڕ ڕازەدا
گەڵا وەریوەکانی ناخت
لەسەر ڕوباری ڕوحم ڕامەخە
لەوە زیاتر شوشەی دڵم،
بەهەناسەی لێوەکانت تاریك مەکە
نابێو نابێ لەوە زیاتر....
هەناسەکەت هەناسەم بی
لە ئێستاوە من ئازادم
هەناسەی کێ هەناسەم بێ.

mstafaahmad_saeid@yhoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.